

لەیادی نەمراندا

# زێوەر

عەلی خورشید

**ئەگەر ئاورێك لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە ، ئەوا دەبینین کەڵە شاعیرەکانمان هەریەکەیان لە ئاستی خۆیدا بە چ جۆرێك پەردەی رۆژگاریان هەڵداوەتەوەو چ شێوە . . گۆرانێك لەم ماوە دوورو درێژەدا بەسەر بیرو خەیاڵیانا هاتووە ئەم کەڵە مرۆیانە کاروانی ئەدەبیان بە چەند قۆناخ بڕیوەو ، بۆ گشت خەڵك دەریان خستووە کە کورد خاوەن بەهرەیە لە دانانی هونراوەدا ، ئینجا بۆ سەلماندنی لەم بارەیەوە ، رۆژ هەڵاتناسی رووسی خ : ئابۆڤیان دەڵێ : شیعری کوردی هەنگاوی گەورەی هاویشتووە ، گەیشتۆتە رادەی پوختیو نایابی ، لە هەر کوردێکدا هەستو بەهرەی شاعیری بەدی دەکرێتو زۆر بە سازو ئاواز ، گۆرانی بەسەر دۆڵو چیاو تافگەو رووبارو گوڵو چەكو ئەسپو قارەمانێتیو جوانیاندا دەڵێن . . .»[1] .**

گومان لەوە دا نی یە کەوا زۆربەی شاعیرانی پێشوومان — لە کوێرە دێیەك دانیشتووە ، جگە لە دۆڵو چیاو روبارو کانیو کانیاو ومێرگو مێرخوزارو ، یاخود دیمەنی رانەمەرێك لە قەد پاڵی چیاوە یا هۆبەرە شماڵێك — ی مەردارەکان — لە شوێنێکی ئاوێزە هەڵیانداوە ، کەچی لە شوێنی خۆی نەبێ زیاتر چ دەرودراوسێ ی نەدیوە ، لەچ دانشگاو قوتابخانەیێکی بەرزیش دەرنەچووە سەرەرای ئەوەش بەبیری قولو هەستی نازکی بەهرەی هونەری شیعری گەلێك بەرزە ئەگەر بەراورد بکرێ لە گەڵ شاعیریکی بێگانە . بۆ نموونە : ئەوەتا ئەو شیعرەی بێ‌کەسی نەمر کە سکالای لەگەڵ مانگدا کردووە ، کە مامۆستا سەجادی خوالێخۆشبوو بەراوردی لە گەڵ سیر فلیپ سدنی ئینگلیزی «١٥٥٤—١٥٨٦»دا کردووە ، کە ئەویش شیعری بۆ مانگ هەیە ، ئینجا دەڵێ : پیاو دەبێ ئینساف بدا «فلیپ» وەکو چۆن شاعیرێك بو هەروەها قائدو سیاسیو نائبی ناوچەی «کینت» یش بوو لە ئۆکسفورد خوێندبووی ، بێجگە لە پاریس هەموو ئەوروپای دیبوو . ئایا بێ‌کەس چ شوێنێکی چاو پێ‌کەوت ، وە لە چ دانشگاو قوتابخانەیەکی بەرز دەرچووە ؟ ئەگەر تەماشای ئەم دووپەردەیە بکرێ بێ گومان بێ‌کەس گەلێ بلیمەتتر بووە لە «سدنی» ![2] .

ئا . . بەم جۆرە شاعیرانمان بە بیری وردو خەیاڵی بەرزیان ، ئازارو ژانێکی زۆریان چەشتووە ، هەمیشە ئامەزرۆی خزمەت‌کردنی وشەی رەسەنی کوردیو . . هەوێن بوون ، بۆ گەشەسەندنی زمانە زگماکەکەیان ، ئەم نەمرانە لە تاریکی شەوە زەنگی نەتەوەدا وەك ئەستێرەیێکی گەشەدار ئاسمانی ئەدەبیان رۆشن — کردۆتەوەو خاوەنی ئەدەبی کلاسیکیو شاعیری مەزنو زانای بە توانایان لێ هەڵکەوتووە .

هەروەها کەرەسەیێکی لەبن نەهاتوویان وەدەست هێناو گەنجینەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندو بنچینەیەکی بتەون کە سەرچاوەی بە نرخو کەم هاوتان .

لەوانەی کە بە نەمری لە مێژووی ئەدەبی کوردی تۆمارکراوە ، ئەستێرەی گەشەداری ئاسمانی ئەدەبیاتی ئەمجارەمان یادی مامۆستا زێوەرە ، ئەوا **٣٩** ساڵ — ی رەبەق بەسەر کۆچی دوایی زێوەردا رابووردو ، گەردی **٢٩** ساڵیش لەسەر دیوانەکەی نیشتو ، ئەگەر سەرنجێکی دیوانەکەی زێوەر بدەین ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ زێوەر نەك تەنیا شاعیر بووەو ،

بەس . بەڵکو پێشەواو رابەرێکی کۆمەڵایەتی بوو ، بە بێ‌وچان بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ پتر بە مووچەیێکی کەم‌و کوور لە خزمەتدابوو ، کە گیانی هاندانی تێکۆشین لە خوێندن‌و نیشتمانپەروەری بە بەر لاوەکاندا دەکرد . هەر ئەو بوو بە سروودو گۆرانی کوردی – نیشتمانی زمانی منالانی پژان ، وە بە شیعرە جوانەکانیشی هانی کچانی داوە بچنە قوتابخانە بخوێنن بۆ ئەوەی پاشە رۆژبێن بە دایکێکی سوود بەخش . . وە هەر (مامۆستا زێوەر) بوو بەبێ دەستگای وێنەگری دیمەنی کوردستانی بە چیاو رووبارو تاڤگەو گوڵ‌و گولزار . . هتد وەك وێنەگرێکی هونەرمەند بەپێنووسەکەی بە شیعری جوان‌و رازاوە وێنەی گرتووە .

**مامۆستا زێوەر بە سەرهاتی ژیانی :**

هەر وەکو لە سەر چاوە ئەدەبی‌یە کوردی‌یەکان ئەمەیان رون کردۆتەوە کە زێوەری شاعیر ناوی مەلا عەبدوڵڵاو ناز ناوی زێوەرو ، کوری محەمەد ئەفەندیی کوری مەلا رەسوڵی بەبنەرەت پژدەری‌یە .

**لە ساڵی ١٢٩١ی کۆچیدا (١٨٧٥ی عیسایی) لە شاری سولەیمانی هاتووەتە دنیاوە پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا ، بووە بە فەقێ‌و گەلێ شوێنی کوردستانی ئەم دیوو ئەو دیو گەراوەو بە ١٥ ساڵ هەموو زانستەکانی مەلایەتیی خوێندووەو ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە ، چوار پێنج ساڵانیش مەلای مزگەوت‌و مامۆستای فەقێ‌یان بووە**[٣] .

لە ساڵی ١٣١٧ی رۆمی وەك سکرتێری تایبەتی (شێخ سەعیدی حەفید) لە تەکی‌دا بۆ ئەستەمبوول چووە ، بۆلای (سولتان عەبدولحەمیدی دووەم)و لە دوایی‌دا ، بۆ خوێندن‌و زیادکردنی زانیاری‌و دنیا دیدەیی بۆ ماوەی چوار ساڵ هەر لەو شارەدا ماوەتەوە ، لە پاشاندا بەرەو شاری سولەیمانی گەراوەتەوەو دوای ماوەیێك لە ساڵی ١٣٢٤ی رۆمی‌دا هەر لە سولەیمانی کراوە بە مامۆستای قوتابخانەی (روشدی‌یەی عەسکەری) و لە سەردەمی حکومەتی عیراقیشدا بۆ یەکەمجار کراوە بە مامۆستای (ئیعدادی ملکی) و لە دواییشدا کراوە بە مامۆستای قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانی لیوای سلێمانی‌و لە گەلێ گوندو ناحیەو شاردا خزمەتی خوێندەواریی کوردی کردووە تاکو لە ساڵی ١٩٤٢دا خانەنشین کراوە کە بە تێکرایی ماوەی (٣٠) ساڵێك ئەم ئەرکەی هەڵگرتووەو لە ١٩٤٨/١١/١٠دا هەر لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی‌کردووەو[٤] روی کردە مەڵبەندی نازداران بۆ ناو دار ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان !

زێوەر لە گوزەراندا زۆر ئامادە نەبووە مانگانەیەکی کەمی تەقاویتی هەبوو لەم دواییەدا بەوە رایبواردووە . هەرچەند خێزان باریش‌بووە نەفسێکی زۆر بەرزی شاهانەی بووە ، دەروێش مەشرەب‌و رەند ، خوا پەرست‌و دیانەت راگیربووە ، لە خواردنەوە دووربووە ، حەزی بە جگەرە زۆر کردووە ، بەشی زۆری کاتی خۆی لە گەڵ ئەدیب‌و شاعرەکانا بە باسی لێکۆڵینەوەی (شعرو ئەدەب) رابواردووە ، «دامە»و شەترنج زانێکی بە ناو بانگ‌بووە ، زۆری حەز بەم یاریانە کردووە لە سواریشدا سوارچاك‌بووە ، حەزی بە سەیران ئەکردو دڵی بە دیمەنی تەبیعی ئەکرایەوە .

«زێوەر» هەر لە دەوری منداڵی‌دا بێجگە لە دیمەنی کوردستان‌و شاخی رەنگاو رەنگی وەختی بەهاران تامو بۆنی شعرەکانی «مەولەوی»و «نالی» لە هەموو دەمارەکانیا هاتو چۆیان کردبوو ، دیوانی شاعیرە فارسەکانیش کە ئەمانە بە حوکمی تەبیعەت بلاو بو بونەوە – شعوری «عبد الله» یان والی کردبوو ، کە باوەش بە ئاسۆی شعردا بکا ، وایان لێ کردبوو پەیکەرێکیان لە دوورەوە بۆ دانابوو ناویان نابوو «هەیکەلی شعر» بۆ ئەوە ئەم خۆی بۆ باوێژێ ، جا بەم‌بۆنەوەلەپێشا هات «زێوەر»ی بە ناوی شعری خۆی‌و خەیاڵاتی بەرزی بە وتەی جوانی بەرزی خۆی زێوەرارا کرد[٥] .

بێ‌گومان تاوەکو ئەمرۆ ئەوەندی کە لەسەر زێوەر نووسراوەو ، وتراوە . . لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا ئەگەر بە

چاوێکی تەرازووی هەق پەرستی سەیر بکەین مافی خۆی نەدراوەتێ وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەرو خاوەن هەڵوێست بەرهەمەکانی بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیێکی زانستیانە، نەکەوتووەو شی نەکراوە، بۆ ئەوەی لای خەڵك رۆشن بێت، بەڵام هۆی نەکرانەکەیشی داخی گرانم تائیستا زوربەی شیعرەکانی وەك دیوانێکی رێك و پێك دەرنەچووە، ئەوە نەبێت کە لە ساڵی (١٩٥٨)دا بەشی یەکەمی دیوانەکەی دەرچوو بە ناوی — دیوانی زیوەر — سۆزی نیشتمان کە مامۆستا نجم الدین مەلا — بەو ئەرکە هەڵسابوو.

لە ژمارە — ٤٠ — ی گۆڤاری کارواندا مامۆستا عبد الرزاق بیمار لێکۆڵینەوەیێکی دەربارەی دیوانی زێوەرو شیعرەکانی کردووە بە ناوی «زێوەرو شیعری سیاسی» ئینجا دەڵێ: ئەگەر مامۆستا نجم الدین مەلا — بەشی یەکەمی بە چاپ نەگەیاندبایە، ئەوا ئەوەندەی تر رۆشنبیرانو بە تواناکانیان دەکەوتنە بەر لۆمەی گیانی شاعیرێکی گەورەی بێ هیوای دوور لە قەدرو نرخ زانی[٦]، وە لە گەڵ ئەوەشدا هێندی بیرو راو سرنجی خۆی دەربریوە بەرامبەر بە مامۆستا نجم الدینو ناوەرۆکی دیوانەکە، وە دەڵێ: زوربەی شیعرەکان لە گۆڤارو رۆژنامەو نامیلکەکاندا بڵاو کراینەوە، لە نووسینەوەشدا تووشی هەڵەبووە لە هەندێ شوێندا دەسکاری کردووە، لە لایەکی تریشەوە هەندێکیان بێنرخنو کەڵکی ناو دیوانیان نی یە.. هتد.

مامۆستا عبد الرزاق بیمار لێکۆڵینەوەیێکی زانستانەو تێرو تەسەلی لە سەر شیعرەکانی زێوەر کردووە، بە تایبەتی شیعری سیاسیی زیوەر کە دەڵێ: بەر لە یەکەم شەری جیهانییەوە دەست پێ دەکاتو لە دوای شەرەکەوە تینو تاوێکی زۆری پەیدا کردووەو تاشەری دووەم دەنگێك بووە لە دەنگەکانی شیعری سەردەم بە تایبەتی لە چوارچێوەی سروودو گۆرانیو هۆنراوە قوتابخانەییەکاندا بەرز دەنگی داوەتەوە.

لە یادی ئەمجارەی زێوەردا من بەلای خۆمەوە بە پێویستم زانی کە لایەك لە چمکی دیوانەکەی بکەمەوەو بە کورتە لێکۆڵینەوەیێك لە سەر ئەو هەڵبەستانەی بە سروودو گۆرانی لە قوتابخانە سەرەتاییکاندا دەنگی داوەتەوەو، کە بۆ منداڵانی داناوە.. مامۆستا زیوەر: وەك شاعیرێکی هەستیارو، رۆشنبیرێکی هۆشمەندی سەردەمی خۆی زۆر باش لەوە گەیشتبوو (کە منداڵان هیوای دوا رۆژی هەموو نەتەوەیەکنو گەشەکردنی کۆمەڵو پاراستنی خاكو سامانو کەلەپووری نەتەوایەتی لە ئەستۆی پیاوانی دوا رۆژن، کە ئەوانیش منداڵانی نەتەوەن، جابۆ ئەم مەبەستە زێوەری نەمر کۆمەڵە شیعرێکی بۆ منداڵانی کورد داناوە لە سەر شێوەی هەڵبەستو سروودو گۆرانی بۆ ئەوەی منداڵی کورد لە سەرەتای قۆناخی منداڵیدا فێری وشەی رەسەنو رستەی جوان جوان بێتو، وە ئاگاداری زمانە زگماکەکەی خۆی بیت. لێرەدا وە نەبێ کە مامۆستا زێوەر، لەبەر ئەوەی ماموستای قوتابخانەیێکی سەرەتایی بووە، سەردەمێك لە سولەیمانی بۆیە هەڵبەستو سروودی جوانی رێك دەخستو، بە شاگردانی قوتابخانەکانی دەووت. لە راستیدا ئەم مەرجانە لە ناو شیعرەکانی مامۆستا زێوەردا خۆی نواندووە، هەستی زانیاریو رۆشنبیری گەلێك بەهێز بووە، ئاگاداری پلەی زانستی جیهانیبوو.

ئەمە لە لایێکەوە، هەستی زێوەریش بەرامبەر بە ئەدەبی منداڵ لە هەستی نووسەرە بێگانەکان کەمتر نەبووە، هەر وەك نووسەری ئەڵەمانی بینیو بلۆدرا — کە تاوەکو ئەمرۆ (١٧) پەراوی بۆ منداڵان داناوەو، نووسینەکانی بە گێرانەوەیەکی بە تامو دەربڕینێکی سەربەستانەوە دەربارەی ئەو رووداوە سروشتیانەن کە منداڵ رائەکێشێت بۆ خوێندنەوەیان[٧]. ئا بەم جۆرە زێوەریش لە دانانی هەڵبەستو سروودو گۆرانی بۆ قوتابیانو رێکخستنی چیرۆکی شیعر بە پەندو ئامۆژگاری بۆ منداڵانی نەتەوەکەی خۆی بەهیچ جۆرێك درێغی لێوە نەکردووە، هۆیەکی تریش هەیە کەوا زێوەر لە شیعری منداڵاندا سەرکەوتوو بووە ئەویش ئەوەیە لە رووی نیشتمانپەروەری یەوە، نەوەك لە رووی سۆزو ئەندیشەوە، چونکە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بە

تایبەتی لە دەوروبەری دوا دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا شیعری قوتابخانەی تەقلیدی لقێکی دەرکرد ، ئەم لقەش بە زیندووبوونەوەو تازەگەری‌یەك درایە قەلەم – ناوبرا بە (شعری سیاسی) زیوەری شاعیری کلاسیکیشمان هاتە ئەم مەیدانەوە بەلام وەك رۆشنبیرێك بناغەی شیعرو ئەدەبی کۆنی خۆی لە دەست نەداو بەرامبەر بە داهاتنی تازەش دووره پەرێز نەوەستا ئا بەم جۆرە وێنەی شیعری لە دوو پەردەدا بە دیار کەوت . ئەم نیوان کاری‌یە لە روخساری شیعریشدا رەنگی دایەوە، هەیکەلی شیعرو کێشی عەروزو وشەو رستەی کۆنو زاراوەی عەرەبی‌و فارسی کۆن هەر مایەوە ، ئەگەرچی لە لایەکی دیکەشەوە پەیرەوی شێخ نوری شێخ سالح – یان کردووەو تازە کردنەوەشیان تیا نواند ، ئینجا لێرەدا زێوەر جیاوازی لە گەڵ شاعیرێکی وەکو (بێخود) دیارە ، کە بێخود لە رێبازی کلاسیکی خۆی لای نەداوە ، بەلام زێوەر هەر لە سەرەتادا لە سالانی بیستو سی‌یەکاندا یەکێك بووە ، لە شاعیرە پێشرەوەکانی شیعری کوردی وەکو شێخ نووری‌و عەلی کەمال باپیرو رەفیق حیلمی‌و ئەحمەد موختار[8] . هتد

لەم رووەوە د . عز الدین دەلێ : من نەمئەزانی چەندی پێ چووبوو شیعری گۆران بلاو بووبۆوە . بەلام ئەوەندەم دەزانی کە ئەو چەند سرودەی لە ئێستگەی ئەوسای یافاوە بلاو کرابۆوە ، لە قوتابخانە پێ‌یان لەبەر کردبووین شیعری گۆران‌بوون :

کوردستان ، کوردستان نیشتمانی جوان

یان دەمی راپەرینە

یا بەری بەیانە روناکە ئاسۆ

«بێخودو سەفوەت» لەراستی‌یا بە سۆزو ریزەوە لە سروودەکانی دەدوان پارسەنگی سروودەکانی زێوەریان ئەدایەوە[9] .

وادیارە ئەو تازەگەری‌و تازەبوونەی لە ناو شیعردا سەدایەکی گەورەی هەبووە لە ناوەرۆكو شێوەی هونەری شیعردا بە تایبەتی لە شیعرەکانی زیوەردا ، وە لە لایەکی تریشەوە سروودو گۆرانی‌یە نیشتمانی‌یەکانی ناوبانگێکی زۆریان بۆ پەیدا کردووە تێدا سەرکەوتووبووە ، چونکە شیعری سیاسی نوێخوازی مەیدانێکی تەنگەبەر دەبێتو شیعرەکە ئەرکە بنەرەتی‌یەکانی خۆی لەبیر دەکات لە رەگەزە پێك هێنەرەکانی خۆی پشت وەردەگێڕێ ئەوسا بریتی دەبێ لە خوتبەو پەندو ئامۆژگاری لەسەر حیسابی پشت گوێ خستنی سۆزو ئەندیشە هەر وەك قسەی ریزکراو دەبێ سۆزو هەستو خەیاڵی تیا بەدی ناکرێت ساکار دەمێنێتەوە .

ئینجا هەر بەو پێ‌یەوە زێوەر جلەوی بۆ خامە شل کردووە ، تا لەو مەیدانەدا بێتو بچێتو ئەو مەرجانەشی رەچاو کردووە کە پێویستە لە نووسینی منالاندا پشت گوێ نەخرێن ، لە ناو هەلبەستەکانی‌دا بە روونی ئەوەی دیاری کردووە قۆناخی منالی‌و قۆناخی گەورەبی منال !

**چەند نموونەیێك لە سروودی منالاندا :**

– **تۆپی فتبۆل** – ئەی تۆپەکە فتبۆلەکە

من دێم لە دەستم رامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەك کوولەکەی روحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان
بانگگ کە لە گەڵ من یەك زمان
خۆش بێ وەتەن ، خۆش بی‌وەتەن
بەرزبێ وەتەن بە «عیلمو فەن» ! [10]

ئەم هەلبەستە بۆ قۆناخی سەرەتایی منداڵ وتراوەو مامۆستا زێوەر ئەم بابەتەی زۆر پسپۆرانە بۆ منالان هەلبژاردووە چونکە لە گەڵ حەزو ئارەزووی منالان دەگونجێت ، جگە لەوەش منال هەلبەست بە یاری دەزانی چونکە یاری یەکەم خرۆشێنەری ئارەزوو هەوەسی منالە . . سەررای ئەوەش ناوی تۆپی وەرزشی تێدایە لێرە هونەری زاراوە شیعری‌یەکەی خۆی دەچەسپێنی‌و ، لە گەڵ تێگەیشتنی منالی ئەو قۆناخەدا

دەگونجێت و وادیارە شاعیر لە بارەی زانستی دەروونزانی منالدا ئەوزانستی یەی خوێندوتەوەو لێی کۆلیوەتەوە بۆیە بیری لەو مەرجەش کردۆتەوە ، هەرچەندە هەڵبەستەکە لە زمانی عەرەبی یەوە بۆ منالآنی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ شارەزای ئەدەبی منالآنی عەرەبیشە ، بەلآم لە گەڵ ئەوەشدا وشەو کێش و زاراوەی گران بێ تاقەتیان ناکات ، دیارە شاعیر ئەوەشی رەچاو کردی یە تاکو بەرهەمەکە سووك و ئاسان و رەوان بێت سەرکەوتن زیاتر بە دەست دێنێ .

نموونەیێکی تر .

**بۆ منالآنی قوتابخانە**

من منداڵی بچووکم ، «مەکتەبە» روح و سەرم
بە «سەعی» و خۆشی ، خۆشی «دەرسم» ئەکەمە بەرم
سەعی – گەر ماندووم ئەکا شادم (دەرسم) رەوانە
منداڵێ کە تەمەڵ بێ خوێڕی ناو کۆڵآنانە
(دنیا) چاوی رۆشن بوو بە سایەی «عیلم و فەن» بوو
ئەی «رەفیقانی مەکتەب» رۆژی «عیلم و عرفانە»(١١) .

ئەم هەڵبەستەشی هەر بۆ قۆناخی سەرەتایی داناون ، بە وشەی سادەو ساکار شیعرەکەی داڕشتووە – شاعیر وەك نیشتمانپەروەرێك داوای لە ناوبردنی نەخوێندەواری دەکاو ، وەك شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم شۆڕشی نەتەوایەتی بە بەرهەمی ئەدەبی دەست پێ کردووە زێوەریش شۆڕشێك دژی نەخوێندەواری بەرپا دەکاو بە سروودو شیعرە نایابەکانی هانی رۆڵەی نەتەوەکەی دەدا تێکۆشن لە پێناوی خوێندن و معارف دا . . ماموستا زێوەر بابەتی تری هەیە لە سروود وەك ئامۆژگاری و پەندو فێرکردنی خوو رەوشتی جوان و – پاك و خاوێنی منالآن لە قوتابخانەو لە دەرەوەی قوتابخانەدا . . بۆ نموونە

**قسەی شاگردێك**

هەموو – بەیانی – کە لە خەو هەستم
پاك ئەیشۆم چاوو «روومەت» و دەستم
بەفرو با نەبێ سەریشم ئەشۆم
یەك دوو پارچە نان بەچا وە ئەخۆم

بابەتی شیعری لەم سروودانە زۆرن و گشتیان لەسەر ئەو بابەتەن و وەك چیرۆکی شیعری بە سەر گوزشتەی فۆلکلۆری سروودی – ژماردن – قیرە قیری بۆق . . هتد

ئەنجام : ئەگەر بە چاوی بەراوردکردنەوە سەیری ئەو کۆمەڵە هەڵبەستانەی – سۆزی نیشتمان بکەین – وەك هەڵبەستی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و . . هتد – ئەو هەڵبەستانەی بۆ منالآنی گووتووە وشەی بێگانەیان کەمترە ، وە بە شێوەیێکی سادەو ساکارانە دایناون . ئەو هەڵبەستانەی زێوەر بۆ منالآنی داناون زوربەیان لە ناوەرۆکدا هەست و بیری خاوێنی نەتەوایەتی یەوە تۆوی نیشتمانپەروەری لە مێشکی منالآندا چەسپاندووە .

زێوەریش یەکێکە لە ریزی ئەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیاندا بایەخیان بە ئەدەبی منالآن داوە ، وەك بێکەس و گۆران و پیرەمێرد . . ئەگەرچی ئیمرۆ ئەدەبی منالآن رێبازی کۆنیان شکاندووە شێوەی نوێیان گرتۆتەوە ، بەلآم بەرهەمی شیعری زێوەر بۆ ئەدەبی منالآن بناغەیێکی بەتەون و سەرچاوەی بە نرخ و کەم هاوتان . نەمری و سەربەرزی بۆ زێوەری نیشتمانپەروەر .


سەرچاوەو پەراوێزەکان :

١ – کورد نامی لە ئەورووپادا – د . ئاورەحمانی حاجی مارف – ل ٨١
٢ – مێژووی ئەدەبی کوردی – علاء الدین سجادی – چ٢ سالی ١٩٧١ – ل ٥٧٩
٣ – گەنجینەی مەردان و یادداشتی رۆژانی دەربەدەری – محمود زیوەر . بەغدا سالی ١٩٨٥ ل ١١
٤ – گۆڤاری کاروان – ماموستا کەریم شارەزا – ژ ١ سالی ١ .
٥ – مێژووی ئەدەبی کوردی – علاء الدین سجادی – چ٢ ٥٣٠ بەغدا سالی ١٩٧١ ل
٦ – گۆڤاری کاروان ژ ٤٠ سالی ٤ – ماموستا عبد الرزاق بیمار ل ٣٩
٧ – ئەدەبی منالآن – محمد رشید فتاح – چ سلیمانی سالی ١٩٧٤ ل ٨
٨ – گۆڤاری کاروان ژ : ٤٠ سالی ٤ ماموستا عبد الرزاق بیمار ل ٣٥
٩ – گۆڤاری رۆشنبیری نوێ – د . عز الدین رسول : ژ ٧٣ سالی ١٩٧٩ ل ٥٨–٥٩
١٠ – دیوانی زێوەر – سۆزی نیشتمان – بەغدا ١٩٥٨ – ل ٩٧
١١ – دیوانی زێوەر سۆزی نیشتمان – بەغدا ١٩٥٨ – ل ٨٦